کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Referendum for Kurdistan

زێباری ئایندەی بێئیعتباربونی یەکێتی وپارتی لە رفراندۆمدا دەبینێتەوە

هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی حکومەتی کاتی عێراق لە چاوپیکەوتنیکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی فاینانشال تایمزی بەریتانیدا لەڕۆژی 2 کانونی دووەمی 2005 رایگەیاند"رفراندۆم ئیعتباری سەرکردایەتی کورد دەهێنێتە ژێرپرسیار کاتێك دەمانەوێت بەیەك زمان قسەبکەین لەسەر چوون بەرەو ئەو پاداشتە گەورەیەی دیموکراسی ، فیدرالی و یەکێتی عێراق".

ئەم ڕاگەیاندنەی ئاشکرایەی زێباری نەك تەنها دەرخەری ڕاستی پابەندنەبون و باوەڕنەبونی سەرکردایەتی یەکێتی وپارتییە بەوەی خەڵکی کوردستان چارەنوسی کوردستان لە رفراندۆمێکدا دیاری بکەن ، بەڵکو رفراندۆم بەبێ ئیعتبارکردنی قسەو بڕیاری خۆیان دەزانێت کە سەبارەت بە فیدرالی و یەکێتی عێراق داویانە. بەڵام قسە وبڕیاری خەڵکی کوردستان کە چەند ساڵە لەم رفراندۆمە نمونەیانەی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئێستاش بزوتنەوەی رفراندۆم لەڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بەسەربەخۆیی کوردستان و نەگەڕانەوە بۆ عێراق داوە ئیعتبارێکی نییە لای زێباری و حزبە ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکان.

زێباری وەك بزنس مانێك دڵسۆزی بۆ پۆستی وەزارەتی درەوەی حکومەتە عێراقیەکەی لەوە نیگەرانی کردوە کە ئەم دوو ڕوویی‌یەی یەکێتی وپارتی لەوەی لەلایەك زمانی فیدرالی و یەکیتی عێراق زمانی ڕەسمیانە و لەلایەکی ترەوە رفراندۆمیشیان وەك زمانێکی نارەسمی و کارتی فشار بەکارهێناوە ، کارێك بکات کە ئەو پاداشتە گەورەیەی زێباری چاوەڕوانی دەکا لە سەر حسابی سەپاندنی فیدرالی و یەکیتی عێراق بەسەر خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستاندا لەدەستی بدات وئەمجارە ئەو پۆستەی پێنەبەخشنەوە.زێباری ئاگاداری سەرکردایەتی کورد دەکا کە رفراندۆم ئیعتباری بڕیاری فیدرالی ویەکیتی عێراقەکەی حزبەکانی دەهێنێتە ژێرپرسیار و دەبێت رفراندۆم بخرێتەلاوە و،سەرەڕای هەر چەواشەکردنێکیشی چیتر ڕێگە نەدرێت بەباسکردن و دەرکەوتنی رفراندۆم.

یەکێتی وپارتی ئەگەر دڵنیابن لەوەرگرتنی ئەو پاداشتە گەورەیەی فیدرالی و یەکیتی عێراق پێیان دەبەخشێت و لە ئەنجامی هەڵبژاردندا چەند کورسیەکی حکومەتی عێراقیان دەست بکەوێت ، بێگومان زوو ئاگاداریەکەی زێباری جێبەجێدەکەن ونایەڵن رفراندۆم خەتی سووری ئیعتباری خۆیان ببەزێنێت و ئەوانەی لە بزوتنەوەی رفراندۆمدا تەنها لەم سنورە دیاریکراوەدا دەوردەگێڕن دەنێردرێنەوە بۆ ماڵەوە و دەوری مێژووییان بەسەر دەچێت و وەك کرێچیەك لەلایەن ئەم خاوەن ماڵانەی دەسەڵاتی کوردستانەوە داوای چۆڵکردن و ئاشبەتاڵیان لێدەکرێت . بەڵام تا ئەوکاتەی یەکێتی وپارتی لەم پاداشتە دڵنیا نەبن و جێگیر نەبن ئەوا لەپاڵ قسەی ڕەسمی فیدرالی ویەکیتی عێراقدا ، دەیانەوێت کۆنترۆلی مەیدانی رفراندۆمیش بکەن کە وەك ئۆپۆزسیۆنێکی وەزعی ئێستایە.

ئەم ئاگاداریەی زێباری نیشانەی ئەوەیە کە کێشمەکێشی خەڵکی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە هەر لەگەڵ سیستانی و عەلاویدا نییە لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی ئێستای کوردستان و نەچوونەوە ژێرسایەی دەستور ودەسەلاتی عەرەبی و ئیسلامی لە عێراقدا بەڵکو کێشمەکێشی جەماوەری کوردستان لەگەڵ یەکێتی وپارتیشدایە لەسەر چارەنوسی کوردستان . نارەزایەتی بەرامبەر یەکێتی عێراق و نەچوونەوە ژێرسایەی دەوڵەتی قەومی وئیسلامی لە عێراقدا درەنگ یان زوو لە ئیعتباری یەکێتی و پارتی کەم دەکاتەوە و ئیعتباری رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و ئەو هێزانەی ئاڵاهەڵگری ئەم خواستانەن دەباتە سەرەوە. کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بۆ خۆئامادەکردن لەم مەیدانەدا جەماوەری کوردستان و هێزی هاوپشتی نێونەتەوەیی بەدەوری کۆنگرەیەکی جەماوەری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستاندا کۆدەکاتەوە.

2005/02/05

TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800
E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.ukwww.kurdistanreferendum.net